KURDISTAN NET کوردستان نێت

# ئازادیی و کلتوور و کۆمەڵگای تسیڤیل

## چەند سەرنجێک بۆ بەڕێز مەلابەختیار دەرهەق بە پەرتووکی "ئازادیی ئەقڵ و کۆمەڵگای مەدەنیی"

تێبینیی:

ئەم بابەتە لە ڕێکەوتی 18.06.04 دا، لە شاری "نورنبێرگ"ی ئەڵمانیا دا لە کۆڕێکدا لەژێر ناونیشانێکی تردا پێشکەشکراوە. بەهۆی کەمیی کات لە کۆڕەکەدا نەتوانراوە پووخت بابەتەکە بەڕێوە بچێت. لێرەدا سووپاسی خۆم ئاڕاستەی کاک "شەهاب" دەکەم کە گەش و هەوایەکی دیموکراسییانەی بۆ کۆڕەکە سازکردبوو.



کوردستان نێت www.kurdistannet.org

پۆلا سەعید

کلتوور بریتییە لە میراتە کۆمەڵایەتییەکان، کە وەچە بە وەچە دەگەیەنرێت بە دوارۆژی مرۆڤایەتیی. کلتوور لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر و لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تریش بەپێی کات و سەردەم جیاوازن و گۆڕانیشیان بەسەردا دێت. کلتوور خۆی لە دوو شێوەدا دەبینێتەوە، یەکەم مادیی: وەک ئەو دەزگایانەی کە لە کەلەپووری مرۆڤایەتییدا و لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی مرۆڤایەتییدا پەیدابوون بۆ ژییانی ڕۆژانە و هەمانکاتیش ئاسەواری کەلاوە و

پەیکەر و سنووره داتاشراوه دەستکردەکانی نەتەوە جیا جیاکانی سەرڕووی جیهان. دووهەم کلتووری نامادیی: وەک هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، ئایین، باوەڕ، هونەر، ئەدەب، فەلسەفە، فەرهەنگ، داب و نەریت و ڕەفتاره کۆمەڵایەتیی‌یەکان و .... هتد. ئەمانەش بریتیین له تێکۆشانەکانی ئەندامانی کۆمەڵ بۆ سازگاربوون لەگەڵ بواره بەسوودەکانی ژیانی سروشتیی کۆمەڵدا. ئەمانەش هەموو توانای مرۆڤن، که کۆیەکه له داب و نەریت و بیروباوەڕ و لێوەشاوەییی و ئایین و یاساکان و ... هتد. هەموو ئەم هۆکاره مادیی و نامادییانه ورەی ژیانی گەلێک یان نەتەوەیەک نیشان دەدات. تێکڕای ئەم پێناسانەی که باسمانکردن ڕەنگدانەوەیان له پێکهێنانی بنیاته کۆمەڵایەتیی‌یەکانی کۆمەڵگادا هەیە. کۆمەڵ بەهۆی میراته کۆمەڵایەتیی‌یەکانەوه بەهۆی میراته فەرهەنگیی‌یەکانەوه بەهۆی میراته کلتووریی‌یەکانەوه ڕێکخستنه مرۆڤایەتییەکان ڕێکوپێک دەکات و ئەندامەکانی خۆی ناچاردەکات که ڕەفتاری دیاریکراویان هەبێت. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت که کلتوور و فەرهەنگ و داب و نەریت له بنیاته کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵدا دەرگایان لەسەر دابخرێت، که تاکەکانی نێو کۆمەڵ نه بۆیان هەبێت لەم میراته کۆمەڵایەتییانه کەمبکەنەوە نه بۆشیان هەبێت گۆڕانی بەسەردا بهێنن و لەگەڵ ژیانی گلۆباڵ دا بیانگونجێنن. کلتووری میراته کۆمەڵایەتیی‌یەکان بەپێی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ له ژیانی جیهانگیریی دا ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا دێت و له کۆمەڵێکەوه بۆ کۆمەڵێکی تر دەڕوات و شوێن لەسەر ڕەفتارەکانی کۆمەڵ دادەنێت. کلتووره نامادیی‌یه شەڕانگێڕیی‌یەکان لەم سەردەمدا بەردەوام نیشانەی پرسیاریان لەسەر قووتدەبێتەوه و کۆمەڵی هۆشیار ڕێگا له گەشەکردنیان دەگرێت، ئەمەش لەپێناوی نەهێشتنی مەترسیی له ژیانی کۆمەڵدا. وەک جوڵانەوه خوێناویی‌یەکانی تیرۆر له جیهان دا. کووشتنی ژنان به ڕادەی زۆر له سەرتاسەری جیهان دا. داپڵۆسین و زۆرداریيلێکردن و چەوساندنەوەی کۆمەڵ له کلتووری چینی زاڵ و دەستەڵاتداردا. ئێمەی کورد چیی بکەین هەتا زانستێکی نوێ له بناغه گشتیی‌یەکانی سۆسیۆلۆگیی کورددا بێنینه کایەوه و گۆڕانێک بەسەر کلتووری چەوساندنەوەی ژن و داب و نەریتەکانی داخستنی دەرگا لەسەر ژیانی ئازادانەی ژن و پێدانەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی ژن بۆ خودی ژن؟ وەک ڕۆسۆ دەڵێ: مرۆڤ تا ئەوکاته ئازاده که سنووری ئازادیی مرۆڤێکی تر دەست پێدەکات. مەترسییکردن له هاتنه ناوەوەی کلتووری ئازادانەی ژیانی تسیڤیلی ئەورووپیی بۆ ناوکۆمەڵگای کوردەوارییی، بێجگه له کڕکەوتن لەسەر هێلکەی کلتوور و داب و نەریت و کۆنەپارێزییکردن بەناوی کوردایەتیی‌یەوه هیچی دیکەی تری تێدا نابینرێت. بۆ گەیشتن بەم تێگەیشتنه تەماشایەکی مێژووی ڕێکخستنه کۆمەڵایەتیی‌یەکان و جوڵانەوه دیموکراتییەیەکان دەکەین له فەلسەفەی ئازادیی کۆمەڵ دا.

## ڕۆڵی ڕێکخستن له کۆمەڵگای تسیڤیلیست دا:

www.kurdistannet.org

ڕێکخستن پێگەی ژیانی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵ بە بێ ڕێکخستن دەبێتە کۆیەکی بێ سەرەوبەرە. جوڵە و دامەزراندنی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیش فاکتەرن بۆ لەناوبردنی بێ سەرەوبەرەیی کۆمەڵ. کۆمەڵ بەهۆی هاوئاهەنگیی تاکەکانییەوە، دەبێتە خاوەنی ڕێکخستن، کاتێکیش ئەندامانی ئەم هاوئاهەنگییە درک بەم ڕاستییە دەکەن لە چوارچێوەی ڕێکخراوێک دا خۆیان کۆدەکەنەوە. ئەم ڕێکخراوەش قەبارەیەکی بێ سنوور و شێوە و ئایدیۆلۆژیایەک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ بەردەوامییدان بە ژیانی کاری ڕێکخراوەییان. هەڵسوکەوتی کارەکانی ئەم ڕێکخراوە بەشێوەیەکی بەردەوامیی و بەرفراوان لەناوکۆمەڵدا دەبێتە هۆی پێکهێنانی چوارچێوە و کۆی "بنکە"ی کۆمەڵایەتیی. ئەم ڕێکخراوەش ڕەنگدانەوەی چینایەتیی و ئایدیۆلۆژیەتی تێدا بەدی دەکرێت، لەم بازنەیەشدا ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە سوود لە توانای ئازادیی خۆیان لەناوڕێکخراوەکەدا وەردەگرن و بەردەوامیی بە چالاکیی خۆیان لەناوکۆمەڵدا دەدەن. هەموو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییش بێگوومان ئامانجێکی لە ژییانی کارکردنیدا هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش چالاکانە کاردەکەن. کاری گرنگی ئەم ڕێکخراوانەش ئەوەیە شوێن لەسەر دەستەڵاتداران دابنێن. ئەم ڕێکخراوانە بە درێژەدانی ژییانی ڕێکخراوەییی خۆیان لەناوکۆمەڵدا وەک بنیاتێکی کۆمەڵایەتیی پەسەند دەکرێن. ڕێکخراو بۆ دابین کردنی نیازەکانی کۆمەڵ گەلێک گرنگە، کە شێوە و دیاریکراوێتیی تایبەتیی کۆمەڵایەتیی هەیە وەک چۆن لە بنیاتە ڕامیاریی و ئایینیی و بنەماڵەییەکاندا کاریگەریێتییان هەیە، ئەمانەش بەرهەمیان زۆرە و پابەندن بە کۆمەڵێک چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە لەوانە ڕێ و وێنە کۆمەڵایەتییەکان دابونەریت هەڵسوکەوت خووڕەوشت بڕیار و یاسا کۆمەڵایەتییەکان نموونەیەکن لە تێکۆشانی بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەدوای ئەمەدا داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و سوننەتی کۆمەڵایەتیی و بڕیارەکانی دێ. دیموکراسییەت پێگەیەکە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی پڕ شارستانییەت، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی ژییانی کۆمەڵگا کاریگەریێتییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ژییانی تاک و کۆمەڵ هەیە. بەڵام بە تەنها دیموکراسییەت بەس نییە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی لەبارتر لە داهاتی ژییانی کۆمەڵگەکانی سەر ڕووی جیهان دا.((4)) ئەلفرێد نۆرس دەڵێ: تێکرای فەیلەسوفەکانی جیهان جێ پێ هەڵگری هونەری ژییانی "پلاتۆن" بوون، پلاتۆن 400 ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح هاتۆتە دونیاوە. دیارە هەتا ئێستا پێناسێکی یەکگرتوو بۆ فەلسەفە نییە، بەڵکوو بە چەندیین شێوە لەلایەن فەیلەسووفان و ڕۆشنبیرانەوە پێناسکراوە. فەلسەفە بە وشە یۆنانییەکەی "فیلۆسۆفییا" بە مانای "خۆشەویستیی زانیین". هەندێکی تر بە تیۆریی ڕیاڵ پێناسی دەکەن. یان بە زانستی گەردوون. لە ساڵی "600"ی پێش زایین فیلۆسۆفیای یۆنانیی بە زانست لێکدرایەوە لە دوای ئەمەش فیلۆسۆفیا مانایەکی تری وەرگرت، بە ناوەڕۆکی ماناکەی واتە هونەری ژیان لەسەر بنچینەیەکی زانستیی.((4)) بەڵام ئایا ئیمڕۆ هەتا چەند فەلسەفە دەتوانێ کار بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کۆمەڵگا بکات؟ ئەو فەلسەفانەی کە هەتا ئیمڕۆ کاریان بەس بە تەنها شیکردنەوەبووە، شیکردنەوەی بنەماکانی جیهان و مرۆڤ. ئایا دەشێت ئیمڕۆ فەلسەفە کار بۆ ئەوە بکات کە بتوانێت لە دەست تێوەردانێکی تیۆرییانەوە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیی چاکتر و لەبارتر بۆ داهاتی ژییانی مرۆڤ؟ کۆمەڵگایەکی مرۆییی کە

www.kurdistannet.org

بتوانێت زیاتر خۆی لە بنچینەکانی مرۆڤایەتیی نزیک بکاتەوە و بە ڕەوشتەوە ڕەفتار لەگەڵ ژییاندا بکات. لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی دا هیچ کەسێک پێرفێکت و کۆرێکت نییە، کەواتە ناتەواویی‌یەک لە خودی بوونیەتی مرۆڤ خۆیدا هەیە. ئەو بۆشاییەش بە سەلیقە پڕ دەکرێتەوە. ژیربێژیی‌یەک کە دەبێت لە شیری مەمەی دایکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ کۆرپەی بەر باوەش. ئەو دایک و باوکانەی نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ پرۆسێسەکانی دیموکراسیی دا ڕابهێنن و هونەرکاریی‌یان لە ژیاندا لەسەر بنچینەی زانست نەکردووە، ناتوانن نەوەی پێرفێکت بخەنەوە. بەڵام بەردەوام کاری شازیش هەبووە، کە لە خێزانێکی بێ سەرەوبەرە و توندوتیژدا مرۆڤێکی سەردەمیی دروستبووە. دروستکردنی کۆمەڵگایەکی شارستانیی کارێکی هەمیشەیی مرۆڤ بووە لە هەموو قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ دا، هەر لە سەردەمی کۆمۆنە سەرەتایی‌یەکانەوە بیگرە هەتا ئێستا کە مرۆڤ بەردەوام کۆشش لەگەڵ ئەم پرۆسێسەدا دەکات بۆ پێرفێکتکردنی مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی ناتەواو. تێکرای هەموو ئایین و باوەڕەکان لە ژیانی سەرەتایی مرۆڤ دا هەوڵی تەواوکردنی مرۆڤیان داوە لە ڕێگەی نزیکبوونەوە لە خوداوە. شان بە شانی پێغەمبەرەکان و باوەڕەکان، فەیلەسوفەکان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی هونەرکاریی‌یەوە لە ژییان دا لەسەر بنچینەیەکی زانستیی کۆمەڵ بەرەو گۆڕان بەرن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی سانا نەبووە بگرە لەم تێکهەڵچوونی باوەڕ و زانستەدا زۆرینەی جار فەیلەسوفەکان بەر هێرشی باوەڕدارەکان و پیاوە ئایینیی‌یەکان کەوتوون. لە سەردەمانی یۆنانی کۆنەوە لە پرۆسێسەکانی پەروەردەکردندا لە لایەن فەیلەسوفەکانی یۆنانەوە وەک پلاتۆن: پەیڕەوکردنی قۆناغەکانی پڕکردنەوەی بۆشایی‌یەکانی مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی ناتەواو، کە لە سەردەمی منداڵییدا لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات، پێگەکانی خوێندەواریی کە لە قوتابخانەوە سەرهەڵدەدەن دەکرێتە کێڵگەیەک بۆ دروستکردنی مرۆڤی تەواو و بە سەلیقە، لەم پرۆسێسەدا دەبێت مرۆڤ ڕەوشتێکی دیکەی تری هەبێت جیا لە خەڵکانی تری ناو کۆمەڵگا، پاککراوە لە هەموو جوڵانەوەیەکی شەڕانگێڕیی و وێرانکەر. دەبێت کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی مرۆی نوێ و ژیربێژ وەدوور بن لە هەموو دڕکوداڵ و پیسایی‌یەک، زەوییەکی پاکژ و کێڵڕاو هەتا گوڵە گەنمی بە پیتی تێدا بچێنرێت. کەواتە لەم قۆناغەشدا ئەگەر هاتوو خەڵکانی پاک و خاوێن لە بیر و هۆش جیا نەکرێنەوە ئەوا دروستکردنەوەی مرۆڤ یان تەواوکردنی مرۆڤ کارێکی ناتەواویی بەخۆوە دەگرێت چونکە لەم کاتە دا مرۆڤەکانی تر کە وەک دڕکودال وان لەم باخەدا دەبنە هۆی زیانی پەروەردەیی و داهات بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی.

لە مێژووی یۆنانی کۆنیشدا هەمانشێوە، شێوە ڕێچکەیەکی کۆمەڵگای تسیڤیل هەبووە، کە سەرچاوەکەی لە ململانێی بیری فەیلەسووفەکانەوە هەڵقوڵا، بەتایبەت ململانێ توندوتیژە هزرییەکەی نێوان سوقرات و پلاتۆن.((3)) "سیلس مارییا" کە پێشەکیی پەرتووکی " لایەنەکانی باشە و شەڕانگێڕیی" لە ساڵی 1885 دا بۆ "فریدریش نیچە" نووسیووە، لەم ڕووەوە دەڵێ: مرۆڤ دەتوانێت وەک پزیشکێک پرسیار لەوە بکات: لەکوێوە نەخۆشییەکی وەها بە ڕەگ و هەڵچوونەوە هاتە ناو پلاتۆنەوە؟ ئایا سوقراتی شەڕانگێڕ وای لە پلاتۆن کرد بەرەو خراپیی بڕوات؟ ئایا سوقرات خراپکەری گەنجان بوو؟ ئایا سوقرات شایانی سزادانەکەی بوو؟ بەڵام

www.kurdistanet.org

تێکۆشانی سوقرات بەرانبەر پلاتۆن تێکۆشانێکی ڕەوا بوو بۆ تێگەیشتنی گەل لە هەزارەی یەکەمی دوای مەسیحدا، مەسیحییەت ڕێچکەیەکی پلاتۆنیی بوو گرتبوویە بەر کە لە تەواوی ئەوروپادا پەیوەندییەکی ڕۆحیی لەناخی خەڵکییدا دروستکرد، کە پێشتر بوونی نەبوو.((4)) سوقرات یەکەمین قوربانیی ئەم ڕێگایەیە، نرخەکەشی بە ژییانی خۆی دا. جوانیی سوقرات لە مردنەکەیدا بوو. چەند خولەکێک پێش مردنی، دادگا داوای لێکرد ئەگەر بێتوو پاشگەزببێتەوە لەوەی کە دان بەوەدا دەنێت کە خودا نییە و ملکەچیی بۆ فەرمانەکانی دادگا بکات، ئەوا دادگا لە تاوانەکەی خۆش دەبێت. تاوانی سوقراتیش تەنها باوەڕ نەبوونی بوو بە خودا. سوقرات بە هاوڕێکانی و بە دادگا دەڵێ: ترس لە مەرگ تەنها ئەوەیە خۆت بە شتێکی تر و بە باشتر بزانیت. مرۆڤ هۆشیار ئەبێت، بەڵام چاوقاییمییە، کە بزانیت شتێک ئەزانیت، کە کەس نایزانێت. مردن چییە کە تەنها جارێکیش گەورەترین شت نەبێت لەژێر هەموو شتە باشەکانەوە بۆ مرۆڤایەتیی. بەڵام لێشی ئەترسن وەک ئەوەی زانیبێتیان کە ناقۆڵاترین شت مردنە. " **سوقرات**" پێکێ ژەهر بووە دواهەمین چێژی ژییانی سوقرات و پاش مەرگیشی کۆمەڵی یۆنانیی پاشگەزبوونەوە لەو سزا قورسەی بەسەریاندا سەپاند. بۆیە هەتا ئێستاش چ لە یۆنان دا و چ لە ئەوروپادا مردنەکەی سوقرات یەکێکە لە جوانترین فەلسەفەکانی. " ئەریستۆتێلێس" یەکێکە لە قووتابییەکانی پلاتۆن ساڵی 384ی پێش کریست لە "ستاگیرا"ی باکووری یۆنان لەدایکبووە. لە تەمەنی هەژدەساڵییدا لە "ئەسینا" دەبێتە یەکێک لە قووتابییەکانی ئەکادیمیاکەی پلاتۆن. ماوەی بیست ساڵ خوێندکاری ئەو ئەکادیمیایە دەبێت. ئەریستۆتێلێس فەیلەسووفێکی پێچەوانەی پلاتۆنی لێدەردەچێت، دوور لە کاریگەرێتییە ئایینییەکان هەربۆیە لە دوای مردنی ئەلێکسەندەری مەکەدۆنیی هەمانشێوە خەڵکی ئەسینا ئەرستۆتێلێس و هاوڕێکانی بۆ بەردەمی دادگا ڕاپێچکرد. ئەریستۆتێلێس ساڵێک دوای تێپەڕبوونی دادگاییکردنەکەی لە "ئوبۆیا" کۆچی دوایی دەکات. جیاوازیی نێوان پلاتۆن و ئەریستۆتێلێس لە فێربووندا بەسترابوو بە ئازادییەوە. ئەو زۆر ڕیالیستانە دەیڕوانییە ژیان بە پێچەوانەی پلاتۆنەوە کە ڕێلێگیوز "ئایینیی"بوو. ئەریستۆتێلێس بە دەستپێکردنێکی میتافیزیکیانە سەرنجی دایە ئەوەی کە هەموو مرۆڤێک بەشێوەیەکی سروشتیی بۆ زانیین دەبێت هەوڵبدات. بەڵام پلاتۆن بەپێچەوانەوە بوو، خەڵکیی دەبوایە لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە زۆریان لێبکرایە بۆ خوێندن، هەتا کۆت و زنجیری جەهەننەمیان بپسانایە و بهاتنایەتە جیهانی ڕووناکییەوە. لێرەدا بۆماندەردەکەوێت کە ململانێکانی ئازادیی بیرکردنەوە و هۆش و ئینديڤیدوالیزم "تاک" مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ کێشە هزرییەکانی نێوان پلاتۆن و سوقرات و ئەریستۆتێلێس. ئەم ململانێیە هەتا ئێستاش بەردەوامیی بەخۆیداوە، بەڵام ئەوەیە لۆگیکەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت. کەواتە ئازادیی بیرکردنەوە هەموو کات بابەتێکی چارەنووسیی بووە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا. دوا بەدوای ئەمەش لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دوای مەسیحدا " مارتین لوتەر" وەک تیۆلۆگێک لەناو ئایینی مەسیح و لەناو کۆمەڵگای ئەڵمانیی دا بووە هۆی هەڵکردنی چرایەکی هاووڵاتیی بوون لە دژی ستەم و زۆرداریی قەیسەری ڕۆم و دەستەڵاتدارە ئایینییەکانی ناووڵاتی ئەڵمانیا. توانی دژی قەشەکان بووەستێتەوە بۆ نەهێشتنی سەرانە

www.kurdistannet.org

وەرگرتن بەناوی حەج و دیدەنییکردنی ڕۆحی مردووەکان و پسوولەی چوونە ژوورەوەی بەهەشت و .. هتد. ئەمانە نموونەن لە جێگەپێی ئەو خەڵکانەی کە ڕەنگی کۆمەڵگای هاووڵاتییان ڕشتووە. هەتا سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازییی لە ئەوروپادا کە هاوکات کۆمەڵێک نوێگەریی تری بەدوای خۆیدا هێنا، وەک سەرهەڵدانی بەرێکەوتی بیری نەتەوەییی و کۆمەڵگای هاووڵاتیی.


دروستبوونی هەموو بنەماکانیش بەرەو داهاتێکی پڕ شارستانیی و پووختێک لە کۆمەڵگای هاووڵاتیی لەسەر بنچینەی ئازادیی دادەمەزرێت، گەلێک ئازاد نەبێت ناتوانێت پێکهاتەکانی کۆمەڵگای هاووڵاتیی پێکبهێنێت. لە ژیانی کۆمەڵگادا دەبێت ئازادیی لەسەرووی هەموو تێزەکانەوە دابنرێت. ئازادیی خۆشاو و پێگەی کۆمەڵگای هاووڵاتییە. کۆمەڵگا هاووڵاتییەکان فاکتەرێکی بەهێزن بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسیی. دیموکراسیی پاکەتێک نییە بە هۆی پۆستی " فیدەراڵ ئێکسپرێس"ەوە، لە ئەوروپاوە بینێریت بۆ نەتەوە و وڵاتێکی تر. دەبێت هەویری دیموکراسیی بەهۆی ڕێکخراوە دیموکراسییەکانەوە تەواو شێلرابێت، ئەوکات لەناو کۆمەڵگدا بخرێتە بەرئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ.

لەناو کۆمەڵگای کوردییدا چەندینە لە نووسەران و ڕووناکبیران و ڕامیارکاران، بەردەوام لە هەوڵوتەقەلای ئەوەدان کە کۆمەڵی کوردەوایی لەمەڕ تێگەیشتن لەئاستی داهێنان و تازەگەریی دا بەلارێدا بەرن. بەوەی کە گۆڕان و تازەگەریی لەناوکۆمەڵگای کوردیی دا بە ڕەوشتێکی نامۆڕاڵانە دەپێکن و پێیان وایە کە سوود وەرگرتن لە تێزەکانی ئەوروپا و بەکارهێنانیی لەناوکوردەواریی دا زیان بە سامانی کەلەپووری کوردیی دەگەیەنێت. نووسەرانی نەگۆڕیش لەژێر فشاری کوردایەتیی دا هێرش بۆ داهێنەران و بیرکەرەوانی کورد دەبەن. هەندێک لەم ڕێژە نەگۆڕانەی ناوکۆمەڵی کوردەواریی پێیان وایە ئەو خەڵکانە و ئەو بیرکەرەوانە لە دوورگەکانی ئەوروپادا مۆڕاڵی کەسایەتی خۆیان لەکیسداوە و وەک بوونەوەرێکی ونبوو هەڵسوکەوت لەگەڵ ژییانی ڕۆژانەدا دەکەن. ئەمەش بێگوومان بێجگەلەوەی کە پاساوێکی نادروستە بەرانبەری گۆڕان دەوەستێتەوە، هەمانکات ئەو خەڵکانە خۆیان بە میراتگری کەلەپوورە کوردییەکان دەزانن و دەیانەوێت وەک میرات لەدوای خۆیان بیگەیەنن بە نەوەی سەردەم. کەلەپووری هیچ نەتەوەیەک ناچێتە بازنەی فەوتانەوە بەهۆی هێنانە ناوەوەی کلتووری نوێ لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپاوە. لێرەدا کۆمەڵی کوردیی لەو ڕووداوە بترسن یان نەترسن دەبێت بەرەنگاری قۆناغەکانی گۆڕانی خۆیان ببنەوە، جا لە داهاتێکی نزیکدا بێت یان دووردا. چینی نووسەری کۆنەپارێز لەژێر بانگەشەی کوردایەتیی دا دەیانەوێت بەربەستێک بۆ هاتنە ناوەوەی هەندێک کلتووری ئەوروپیی دابنێن و لەگەڵ ئەوەشدا بیرکردنەوە و فەلسەفەکانی هەندێک لە زانایان و فەیلەسووفە ئەوروپییەکان بۆ ناوکۆمەڵی کوردەواریی بەزیانبەخش دەزانن. بەڕێز " مەلا بەختیار لە لاپەڕە 310 دا دەڵێ: "میشێل فوکۆ" پیاوێکی ناتەواوە، ناتەواوە لە ئەقڵ، لە مەنتیق، لە فەلسەفە، ئەسڵەن لە هەندێ مەسائیلی داهێنەریی و فیسیۆلۆژیی و مرۆڤیش مایەی سەرسووڕمانە فوکۆ چووە هەموو ئەزموونەکانی ڕزگارکردنی مرۆڤی لەسەر شێت کردووە. زانست تا ئێستا بە هەموو زانیاریی پزیشکیی خۆی، ناتوانێت

شێت ساغ بکاتەوە. مرۆڤ کە شێت بوو چۆن ئەتوانێ تۆ بڵێیت مافی ئازادییت لێ زەوتکردووە؟ بە پێچەوانەوە، شێت ئازادترین کەسە چونکە هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر نییە. مەلابەختیار بەردەوامیی بە قسەکانی ئەدات و دەڵێ: لە 99% ڕۆشنبیرانی ئەوروپیی فوکۆیان قبوڵ نییە، دەزگاکانی ئەوروپیی فوکۆیان قبوڵ نییە. من نازانم چۆن کاک مەلابەختیار توانیوویەتی ئەم قسەیە بکات و بەچ بەڵگە و باوەڕێکەوە دەڵێ: زۆرینەی ڕۆشنبیرانی ئەوروپیی فۆکۆ ڕەتدەکەنەوە. بەوەی کە بەردەوام لە تێکڕای زانکۆکانی ئەوروپادا بە بەردەوامیی سیمیناری توێژینەوەیی لەسەر فەلسەفەکانی فوکۆ دەگێڕن؟ بەوەی کە بەردەوام زانکۆکان فوکۆ بە خوێندکارەکانیان دەناسێنن؟ بەوەی کە فەلسەفەکانی پڕاکتیزە دەکەن؟ دەشا کاک مەلابەختیار باسێکی بیۆگرافیی ژیانی فوکۆی بکردایە ئەوسا بمانزانیایە ئاخۆ ڕاستە ئەوروپا فوکۆ ڕەتدەکاتەوە؟ لە کاتێکدا " میشل فۆکۆ " لە سەرتاسەری جیهاندا بە گەورەترین ڕۆشنبیر ناسراوە و ناوی " ڕۆشنبیری گەردوونیی" لێنراوە. فوکۆ لە پەڕتووکی " مێژووی دێوانەییی"دا کە بە زمانیی ئەڵمانیی لەژێر ناوی " دێوانە و کۆمەڵگا"دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو ڕاستییانە ڕووندەکاتەوە کە پزیشکەکان بەهۆی دەستەڵاتی مۆدێرنێتەوە توانیوویانە خەڵکانێک بەبیانووی دێوانەبوونیانەوە و بە بیانووی برینداربوونی ڕۆحیانەوە لە کۆمەڵ دووربخەنەوە و بیانخەنە شێتخانەوە و بیانخەنە نەخۆشخانە دەروونیەکانەوە. هەمانکاتیش بێبەشیان بکەن لە ژیانی ئازاد، ئازادییەک کە سروشت پێیانیداوە، ئێستا دەستەڵاتی پزیشکیی مۆدێرنێتە لەو ئازادییە سروشتییەیان بێبەش دەکەن. هەمانکات ئەزموونی لێدانی کارەبا و دەرخواردانی دەرمانی بێهۆشکەر کە زیانێکی تەواو بە نەخۆشەکان دەگەیەنێت. فکۆ دەڵێ: ئەم جۆرە میتهۆدانە هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ میتهۆدەکانی ڕژێمێکی زاڵدا نییە، کە زیندانییەکانی بە میتهۆدی لێدان و زەبروزەنگ دادەمرکێنێتەوە. ئەو مرۆڤانەی ڕۆحیان بریندارە و ئەو مرۆڤانەی دێوانەن لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی تریان بۆ جیهان و بۆ ژییان هەیە، کە لەلای کۆمەڵ بە نائاسایی تەماشا دەکرێت و لە قەڵەم دەدرێت. ئەو مرۆڤانەی ڕۆحیان بریندارە شێت نین وە ئەو مرۆڤانەی دێوانەشن شێت نین. بێگومان کاک مەلابەختیار لێرەدا نەیتوانیوە شێت و دێوانە و ڕۆح بریندار لێکجیابکاتەوە. کاک مەلابەختیار دیارە چەند سەرچاوەیەکی سەقەتی عەرەبیی لەسەرفوکۆ بەکارهێناوە، دەنا ئاسان تووشی ئەو بڕیارە نەدەبوو لەسەر فوکۆ. لێرەدا دوو سەرچاوەی بیۆگرافیی "میشێل فوکۆ" دەخەینەگەڕ بۆ ناساندی فوکۆ ئەوسا با بە سەلیقە بڕیار لەسەر ئەوەبدەین کە ئایا فوکۆ ناتەواوە لە لۆگیک یان نەخێر؟! دیارە زۆرن ئەوانەی بیۆگرافیی میشێل فوکۆیان نووسیووەتەوە، کە بەناوبانگترینیان بیۆگرافیی‌یەکەی "ئێریبۆن"ە، کە زۆر نووسەرانی تری ئەوروپیی و ئەمریکیی سوودیان لە سەرچاوەکانی وەرگرتووە، هەمانکات بەدڵنیاییەوە چەندیین پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆکانی ئەڵمانیی دەستیان بۆ ئەم کارە بردووە. من لێرەدا جارێک" ڕاینهارد موولەر "بە نموونە دێنمەوە کە بیۆگرافیی‌یەکەی میشێل فوکۆی لە فەرەنسیی‌یەوە وەرگێڕاوەتە سەرزمانی ئەڵمانیی و جارێکیش " جێری باوەر" هەمانشێوە لە سەرچاوەیەکی تری فەرەنسیی‌یەوە وەریگێڕاوەتە سەرزمانی ئەڵمانیی. جیاوازیی نێوانی ئەم دوو وەرگێڕدراوانە تەنها لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەویش مێژووی

وازهێنانی فوکۆیە لە پارتی کۆمۆنیستیی فەرەنسیی و جارێکیش شوێنی لەدایکبوونی فۆکۆیە. من لێرەدا زیاتر پشت بە "ڕاینهارد موولەر" دەبەستم کە دەڵێ: فوکۆ ساڵی 1950 بووە بە کۆمۆنیست و لە ساڵی 1953 دا وازی لێهێناوە. وەک لەوەی کە "جێری باوەر" دەڵێ: ساڵی 1950 بووە بە کۆمۆنیست و ساڵی 1952 وازی لێهێناوە. چونکە تەنانەت چەندیین سەرچاوەی تری فەرەنسیی کە وەرگێڕدراونەتە سەرزمانی ئەڵمانیی هەموو باس لە ساڵی 1953 دەکەن بۆ وازهێنان نەگ 1952. من پێموایە بۆ ئەوەی مرۆڤ کە بیسەلمێنێت کە مرۆڤێکی تر بە ناتەواو پێناس بکات دەبێت بەڵگەنامەیەکی دۆکۆمێنتاریی پێ بێت و بە چڕوپڕیی لێکدانەوەی کەسی ناوبراو بخوێنێتەوە نەگ لە توێی چەند دێڕێکدا وەک ڕۆڵی وتارێکی زاڵ کۆتایی بە پێناسەکردنەکەی بهێنێت.

# بیۆگرافیی میشێل فوکۆ:



**Michel Foucault**

سەرچاوەی ئەم بیۆگرافییە، لە هەردوو وەرگێڕانەکەی " ڕاینهارد موولەر" و "جێری باوەر"وە وەرگیراوە.

Michel Foucault
Poitiers Vienne 15.Oktober.1926
Paris 25.juni 1984

www.kurdista

میشێل فوکۆ وەک لەژێر وێنەکەیدا ساڵ و شوێنی لەداییکبوون و مردنیمان دیاریکردووە، فەیلەسووفێکی فەرەنسیی و کۆمەڵناس و مێژووناس و وەرگێڕ بووە. لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و دکتۆر و باوک پرۆفیسۆری ئەناتۆمیی زانکۆدا هاتۆتە دونیاوە. فوکۆ لەدوای خۆی منداڵی لێ بەجێنەماوە.

– 1936-1945

لە ساڵی 1936 بۆ 1940 سەردانی قووتابخانەی "لیسێ دێ پۆیتیرس" ی کردووە.
.

– **1945-1952**

له پاریس ژییاوه

**¯ 1945-1946**

له پاریس له زانکۆی لیسێ هێنری وەردەگیرێت، لەوێ " لویس ئەلتوسێر" پرۆفیسۆری دەبێت و پاشانیش هاوڕێیەتییەکی پتەو له نێوانیاندا دروست دەبێت.

**¯ 1946-1950**

فەلسەفە و پسیشۆلۆگیی له پاریس له زانکۆی " ئێکۆله نۆرماله سوپەریوره" تەواو دەکات. 1948 لینسانس له فەلسەفەدا وەردەگرێت و له 1949 دا لینسانس له پسیشۆلۆگیی دا وەردەگرێت.

**¯ 1950-1953**

پەیوەندییکردنی فوکۆ بە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسییەوە، هۆی وازهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی توندوتیژانەی کۆمۆنیستەکان بەرانبەر بە کۆمەڵی هۆمۆسێکسوال. خودی میشێل فوکۆ خۆی کەسێکی هۆمۆسێکسوال بووە.

¯ 1952

وەرگرتنی دیپلۆم له پسیشۆپاتۆلۆگیی دا و بوونی بە زانای سەرەکیی له گرووپی زانستی دەروونناسیی دا له پاریس.

.

**¯ 1952-1954**

کارکردن بە ئاسیستێنتیی له فەلسەفەدا له زانکۆی " لیلله " له باکووری پاریس.

**¯ 1955-1958**

بوون بە ئاسیستێنت له زانکۆی ئوپساله‌ی سوێدن دا. بوون بە مامۆستای فەرەنسیی و کلتوور. دروستکردنی هاوڕێیەتییەکی پتەو لەگەڵ مۆسیقاری دوانزه نۆته " یان باراکوێ" دا. هەرچەنده "جێری باوەر" ئەم پەیوەندییەی بە ساڵی 1952 تۆمارکردووه، بەڵام چ "ڕاینهارد مووله‌ر" و چ " جێری باوەر" بیۆگرافییەکانی فوکۆیان له دوو سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگرتووه.

**¯ 1958-1959**

ساڵێک بەڕێوەبەرایەتییکردنی سەنتەری فەرەنسیی له زانکۆی وارشۆ.

**¯ 1959-1960**

ساڵێک بەڕێوەبەرایەتیی پێگەی زانستی فەرەنسیی له هامبورگ

**¯ 1960-1966**

www.kurdistannet.org

بوون به پرۆفیسۆر له زانستی فەلسەفه و پسیشۆلۆگیی دا له زانکۆی " کلێرمۆنت فێرراند"

— 1961

نووسینی دکتۆرا لەسەر مێژووی دێوانەییی له زانکۆی "یکۆله نۆرماله دێ سوپەریورە" له پاریس. فوکۆ لەگەڵ نامه سەرەکییەکەیدا نامەیەکی تریش دەنووسێت بەناوی " ئەنترۆپۆلۆژیای ئیمانوێل کانت" وەک فەیلەسووفێکی ئەڵمانیی.

— 1962-1966

پرۆفیسۆری پسیشۆلۆگیی و فەلسەفه بووە له زانکۆی " کلێرمۆند فێراند".

— 1965

گەشتێکی فۆڕمانەی زانستیی لەسەر هونەر بۆ بەڕازیل.

— 1966-1968

بەسەربردنی دوو ساڵ له زانکۆکانی توونس وەک پرۆفیسۆرێکی میوان.

— 1968-1984

هەتا ئەم کاته ژییانی بەبێ بچڕان له پاریس بەسەربردووە.

— 1968-1970

پرۆفیسۆری فەلسەفه له بنچینەکانی سەنتەری زانکۆی " دێ ڤینسێنێس"

— 1970-1984

پرۆفیسۆری مێژوو بۆ زانستەکانی سیستێمی بیرکردنەوە و هەڵبژاردن له قووتابخانەکانی گوێگر له فەرەنسادا " کۆلێگه دێ فەڕانسا" و ناوبانگ دەرکردنی.

— 1970

گەشتێک بۆ یابان و ئەمریکا.

— 1971

دامەزراندنی گرووپێک به ناوی "گرووپی زانیاریی لەسەر زیندانییەکان" و بەشداریکردن له خۆپیشاندانێکدا له پاریس دژی دەوڵەتی فەڕەنسی لەسەر یاساکانی سزای فەڕەنسیی. لەم خۆپیشاندانەدا هاوسەرەکەشی لەگەڵدا دەبێت که ناوی " دانییێل دێفەرت" بوو.

— 1972

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

سەردانی زیندانەکانی نیۆرک

— 1978

گەشتێک بۆ یابان بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئایینی بوودا

— 1981

دەوڵەتی ئەمریکیی داوا لە فوکۆ دەکات کە لە پۆستی ڕاوێژکاریی کلتووری ئەمریکیی دا کاربکات، بەڵام فوکۆ داواکەیان ڕەتدەکاتەوە. هەر لەم ساڵەدا لەگەڵ جوڵانەوەی یەکگرتوویی پۆڵۆنییەکاندا کاردەکات، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی 1982 دەڕوات بۆ پۆڵۆنیا.

— 15.6.1984

بە نەخۆشیی ئایدز دەمرێت.

کوردستان نێت.org

## ئاخۆ بڵێی ئەم مرۆڤە نەمرە ناتەواو بێت لە لۆگیک و فەلسەفە؟




"تریبوناڵ" "کورسیی دادوەر یان حەوشەی دادگا" ناوی یەکێک لەو سیمینارانەیە کە لە زانکۆی بەرلین ساڵی 2000 سازکراوە لەسەر پەرتووکی "مێژووی دێوانەییی" میشێل فوکۆ، کە چۆن فوکۆ لە دوو تەوەرەدا دکتۆرەکانی ناوشێتخانەکان تاوانبار دەکات بەوەی کە ئەزموونی کارەبا

**لێدان و پێدانی دەرمانی بێهۆشکەریان لەگەڵدا بەکار دەهێنن و ئازادییان لێدەستێننەوە کە نەتوانن تێکەڵی کۆمەڵ ببن و چاویان بە سروشت بکەوێت.**

مرۆڤی ڕۆشنبیر هەرگیز نابێت بچێتە ژێر کاریگەرێتییە دەوڵەتیەکانەوە دەنا چەقی قورسایی هۆشیاریی خۆی لەکیس دەدات. مرۆڤ دەتوانێت ڕامیارکار بێت کارمەندی دەوڵەت بێت و ڕۆشنبیریش بێت، بەڵام هەریەکەیان بە کێشانەی خۆیان. کاتێک مرۆڤ دێتە سەرباسی لێکدانەوە بیرۆکەییەکان دەبێت وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیر ڕەفتار بکات و بیربکاتەوە، کاتێکیش دێتە سەرباسە ڕامیارییەکان و دەوڵەتیەکان دەتوانێت وەک ڕامیارکارێک هەڵسوکەوت بکات. ئەو سەردەمە تێپەڕی کە ئێمە ڕێگا بەوە نەدەین کە ڕووناکبیران پابەند بن بە لایەنێکی ڕامیارکار و دەوڵەتییەوە. دیارە بیر و ئایدیۆلۆژیەت دوو ڕەهەندی جیاوازن هەریەکەیان بەشێوەیەک کاری پێدەکرێت. ئایدیۆلۆژیەت لە بیر پەیدا دەبێت هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت بیر بکاتە کۆیلەی ئایدیۆلۆژیەت، چونکە خودی بیر خاوەنی ئایدیۆلۆژیەتە و ئەو هێناویەتیە ئاراوە.((6)) هەر خودی میشێل فوکۆ خۆی ماوەی سێ ساڵ "1950 بۆ 1953" ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسیی بووە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ئایدیۆلۆژیەتەی کە هەڵیبژاردووە نەیتوانیوە کاریگەرێتی بۆسەر بیرکردنەوە و داهێنانی فەلسەفیی هەبێت. کەواتە بیر هەموو کات و سەردەمێک دەتوانێت دەستکاریی ئایدیۆلۆژیا بکات و بەندی دیکەی تری چ بۆ زیاد بکات چ لێ کەم بکات. پێشتر فوکۆ لە وڵاتی سوێدن پێش چوونی بۆ وڵاتی پۆلاند ساڵی 1958 پەرتووکەکەی نیشانی پرۆفیسۆرێکی سوێدیی دەدات، بەڵام پرۆفیسۆرە سوێدییەکە بابەتەکەی ڕەتدەکاتەوە بەهۆی ئەوەی لە فەلسەفە نوێکانی فۆکۆ ناگات لە ناوەڕۆکی پەرتووکی مێژووی دێوانەیی دا. فوکۆ سوێدن بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە وڵاتی پۆلۆنیا هەرلەوێش پەرتووکەکەی تەواودەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا لەوێ دکتۆراکەی بەدەستدەهێنێت. مێژووی دێوانەیی باس لە سەردەمی ڕێنیسانس دەکات بە دوو سەدە پێش سەردەمی ڕۆشنگەریی. هەمانکات باس لە سەردەمی کلاسیکیی دەکات هەتا کۆتایی سەدەی هەژدە، کە ڕۆژگاری ڕۆشنگەریی بووە. پاشان باس لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆژگاری مۆدێرنێتە دەکات. فۆکۆ لە دەقەکانیدا ئەوەمان نیشاندەدات کە مۆدێرنێتە شێوازێکی نوێی دەستەڵاتی هێنایە کایەوە. هێنانەکایەوەی نەخۆشخانە دەروونییەکان و شێتخانەکان و دەستنیشانکردنی دکتۆرەکان وەک نوێنەری هۆش و دەستەڵات و نەخۆشەکانیش وەک نوێنەری دێوانە. لێرەدا فۆکۆ دەڵێت ئەوانەی کە بە نەخۆش ناونووس دەکرێن هەم لە کۆمەڵ جیادەکرێنەوە هەم دەشاردرێنەوە. کەواتە نەخۆشخانەکان و شێتخانەکان دەبنە سیمبوڵی خەڵکانی دێوانە و دەرەوەی شێتخانەش دەبێتە سیمبوڵی خەڵکانی زانا و هۆشیار. بۆچوونی فوکۆ لەم ڕووەوە شێوە تازەکانی مامەڵەکردنی دکتۆرەکانە لەگەڵ خەڵکانی دەروون و ڕۆح نەخۆشدا. کە دەرکەوتنی هێمایەکی نوێی دەستەڵاتە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵ. دێوانەیی بەتەنها بە مانای شێتیی نایەت وەک خوودی بەڕێز مەلابەختیار و کەسانێکی تریش تێیدەگەن.

www.kurdistannet.org

دیۆانەیی بریتییە لە جۆرێک ڕەوشت و بیرکردنەوە و خەیاڵ کە لەگەڵ فۆرمی چینی باڵادەستدا ناگوونجێت. دیۆانەیی بیرتییە لە بۆچوونی ئەو کەسانەی کە دەخرێنەی پاشخانی کۆمەڵگاوە بەهۆی چینی باڵادەستەوە. ئێستاش لەم سەردەمەدا لە دیدی ئەمریکاوە کە ناوەڕاستی خۆرهەڵات بە گەلانی دیوانە و شێت ئەداتە قەڵەم، دەیەوێت لە ڕێگای شەڕەوە بیانکاتەوە بە مرۆڤی ئاسایی. فوکۆ نە دژی هۆشە نە دژی دەستەڵاتە وەک بەڕێز مەلابەختیار تێیگەیشتووە. فوکۆ دژی ئەم جۆرە دەستەڵاتە تازەیەیە کە دەگۆڕێت بۆ دەستەڵاتێک کە هیچ خاڵێکی بەرگرییکردن ناهێڵێتەوە و خۆی لە فۆرمی دەزگایەکی داخراو و دیسپلینییدا سازدەکات. کە ئەمەش مەترسیی تری لێدەکرێت بۆ دروستبوونی دەستەڵاتی تۆتالیتاریانە و دیکتاتۆریەت.

## ترس لە قۆناغەکانی گۆڕان و ناساندنی کلتووری جیاواز:

لەناوکۆمەڵگای کوردەوارییی دا هەتاوەکوو ئێستا هەبوونی خۆشەویست کارێکی بڤە و قەدەغەیە بەتایبەت بۆ کچان، دیارە ئاوسنامە "شاز" لە ناوکۆمەڵی کوردیی دا هەیە کەم تا زۆر کە خێزانەکان بەپێی توانای ئاستی لکێدانەوە و ڕۆشنبیرانەی خۆیان کراوەن بەرانبەر بەژییان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی زۆری ڕێژەی نەگۆڕ سەراپای کۆمەڵی کوردەوارییییان داگیرکردووە. نەبوونی ئازادیی سێکسواڵ و دڵداریی یەکێکە لەو خاڵانەی کە خەڵکانێکی کۆنەپەرست کردوویانە بە کلتوور و بە هەڵوێستێکی کوردایەتیی و ناهێڵن بەهیچ شێوەیەک ئەو دیوارە پان و بەرینەی چەندیین ساڵە لە باب و باپیرانیانەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە تاکە سێنتیمەترێک چییە لێی بڕووخێنرێت. ئەو کچانەی دەبنە قوربانیی سکپڕیی و دەبنە دایک بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەکی ژن و مێردایەتیی و ئایینیی، ئەوا چارەنووسیان یان کووشتن دەبێت یان دەبێت ژیانێکی سەرشۆڕیی لەناوکۆمەڵگادا بۆخۆیان هەڵبژێرن. هەمانکاتیش دەبنە ئامێرێکی بەکارهێنراو لەناوکۆمەڵگای پیاواندا هەرکات ویستیان هەبێت بۆ ساتەکانی شەهوەت بەکاریان بهێنن. کەواتە لێرەدا ئەو ژنانە خودی مرۆڤایەتیی خۆیان لەکیس دەدەن و دەبنە ئامێرێکی بەکارهێنراو بەدەر لە مافە مرۆییی و کۆمەڵایەتیییەکان. پابەندبوون بەم کلتورە ڕەشانەوە کوردایەتیی نییە، بەڵکوو دڕندەییی و نەزانین و نەخوێندەوارییە. نووسەرانی کۆنەپارێز ئێستا لە وڵات لە کوردەکانی ئەورووپا دەترسن کە بەهۆی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان بڕێک لە کلتووری ئەورووپا کە ئەوان بە بێ ڕەوشتیی تێدەگەن بهێننە ناوکۆمەڵگای کوردیییەوە. کێشەکان لێرەدایە کە ئێمەی کورد بە هەزاران ڕامیارکار و نووسەر و مامۆستای زانکۆ و دکتۆر و پرۆفیسۆرمان هەیە، بەڵام ڕێژەی ئەو کەسانەی کە پێشکەوتنخواز و داهێنەر و بیرکەرەوەن هێشتا بەشی ئەوە ناکات کە کورد بتوانێت لە کوردستان دا لانی کەم لە باشووردا کە لەژێر فەرمانڕەوایی کورد خۆیدایە کۆمەڵگایەکی هاووڵاتیی هۆشیار دروستبکەین. مەرج نییە ئەوی پرۆفیسۆر بوو مرۆڤێکی داهێنەر و بیرکەرەوە بێت. مەرج نییە نووسەرێک بیرکەرەوە بێت. مەرج نییە دکتۆرێک بیرکەرەوە بێت. مەخابوونەکە لێرەدایە کە هەتاوەکوو ئێستا بەتایبەت لە کوردستان دا خوێندن بووەتە فەرمانێک کە لە کاتێکدا خوێندن فەرمان نییە. زانکۆ و دانیشگاکان هەروەکوو جاران شوێنی دەرچووانی خوێندکاری باڵایە نەگ پێگەی بیرکەرەوان،

www.kurdistannet.org

وەک ئۆفیسێکی ڕەنگکردن و خومخانەیەک وایە خوێندکارەکان دەچن لەوێ خۆیان ڕەنگدەکەن بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە تاکەکانی دیکەی تری ناوکۆمەڵ، ڕەنگکردنێکی زانستیی، بەڵام وەکوو کارکردن لە بیردا کەم کەسیان دوای ئەوەی زانکۆ جێدێڵن بیرکارێکیان لێدەردەچێت. ئەمەش زیانێکی زۆر بە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردەوارییی دەگەیەنێت، هەربۆشە زیاتر سیاسەتمەنداران و نووسەری کۆنەپارێز خۆیان زیاتر لە گۆڕانی کۆمەڵ هەڵدەقورتێنن و لەژێر فشاری کوردایەتیی دا زیان بە گۆڕانی کۆمەڵی کوردیی دەگەیەنن.
کارێکی تری زۆر گرنگ کە لەناو زۆرینەی کۆمەڵگاکانی سەرڕووی زەوییدا، گالیسکەی مێژوویەکی تەڵخ بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، ئەوەیە کە هەتا ئێستا ئازادیی هۆش و بیرکردنەوە و بڕیاری چارەنووسیی مافی ڕەوای ڕاستەقینەی خۆی پێنەدراوە، چ لەناو ئەندامەکانی کۆمەڵ و چ لەناو خێزاندا. کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەم ڕووداوانەش زۆرینەی جار کاردانەوەیەکی نێگەتیڤیان دەبێت لەسەر خودی تاک. هەندێ جاریش وەها لە تاک دەکەن کە دەروونی تێکبشکێت، ئەم تێکشانەش پەردە لەسەڕووی هەندێ ڕەهەندی دیکە لادەبات، دەبێتە هۆی شکاندنی ئەو سنوورانەی کە مێژوویەکی درێژە دیوارێکی پان و بەرییان لەنێوانی مۆڕاڵ و ڕیاڵدا دروستکردووە. پەیوەندییەکانی نزیکبوونەوەی هەردوو ڕاسەی ژن و پیاو یەکێکە لە ناسکترین ئۆبجێکتە دەروونییەکانی ژیانی مرۆڤ. تێکدانی ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی تێکشکاندنێکی دەروونیی چرووپڕ. فریدریش نیچە یەکێکە لەو قوربانییانەی کە لەم بارووددۆخەدا ئاسان ڕزگاری نەبووە. نیچە لە کۆتاییەکانی مانگی ئاوگوستی ساڵی 1882 لە ڕۆم کچێکی ڕووس دەناسێت و حەز لەیەکتر دەکەن، کاتێک نیچە کچەکە بە خوشکەکەی و بە دایکی دەناسێنێت، تووشی نیگەرانییەکی زۆر دەبێت. دایکی نیچە و خوشکەکەی سووکایەتییەکی زۆر بە کچە ڕووسەکە دەکەن و لەبەرچاوی نیچەدا دەیشکێنن. دایکی نیچە و خوشکەکەی دەبنە هۆی بچڕاندنی پەیوەندییە دڵدارییەکەی نێوان نیچە و کچە ڕووسەکە، نیچە تووشی تێکشکاندنێکی دەروونیی و گایستیی دەبێت. پەیوەندیی لەگەڵ خوشک و دایکیدا تێکدەچێت و دەکەوێتە نووسینی نامەی سەرزەنشتیی بۆ دایکی و بۆ خوشکەکەی. نیچە لە چەند ساڵی داهاتدا دەستدەکات بە نووسینی پەرتووکێکی نوێ بەناوی " ئێچچە هۆمۆ"وە. نیچە هەتا ئەو کات هێشتا هەر لە شاری "توورین" بوو پەرتووکی " ئێچچە هۆمۆ"شی لە تەمەنی "44" ساڵییدا لە پانزەی ئۆکتۆبەردا کە ڕۆژی لەدایکبوونیەتی دەستپێکردووە. "ئێچچە هۆمۆ" وشەیەکی لێکدراوی لاتینییە، "ئێچچە" بەمانای تاجەچقڵینە "هۆمۆ" بەمانای مرۆڤ. واتەکەی پێکەوە "ئەو مرۆڤەی تاجێکی چقڵینەی لەسەردایە" کە مەبەست لێرەدا "عیسا"یە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمیینجار لە دەمی "پۆنتیۆس پیلاتووس"ەوە داهاتووە کە لەسەردەمی ڕۆمەکاندا لە شاری ئورشەلیم دەستەڵاتێکی وەک دادوەری هەبووە و تاوانای بڕیاردانی لەسێدارەدانی کەسێکی هەبووە. کاتێک پۆنتیوس پیلاتووس ڕووی دەمی دەکاتە عیسا و دەڵێ: هۆی یاخیی بوونت لە قەیسەر چییە؟ عیساش دەڵێ: ڕاستیی. ئەم قسەیە پیلاتووس سەرسام دەکات و پاشان ڕوودەکاتە جەماوەرەکە و دەڵێ: با ئێمە لە عیسا خۆش بین و ئازادی بکەین. جەماوەرەکە ڕازی نابن، پاشان دەگەڕێتەوە لای عیسا و دەڵێ: ڕاستیی چییە؟ پاشان دەستدەکات بە سووکایەتیی

www.kurdistannet.org

پێکردنی عیسا و تاجێکی درکینەی لەسەر دەکات و بەسەر شانۆکەدا دەیهێنێت و دەیبات هەتا زیاتر خوێن لە نێچەوانی بێت. پاشان پیلاتووس دەڵێت تەماشا بکەن ئەمەیە ئێچچە هۆمۆ من هیچ تاوانێک لەم مرۆڤەدا شک نابەم ئەمە ئێچچە هۆمۆیە. لێرەوە نیچە دەکەوێتە ئازاردانی دەروونی خۆی جارێک لە خودی خۆیدا دەبێتە عیسا و جارێکیش بە پیلاتووس بۆ ئەوەی فەلسەفەیەکی نوێ بدۆزێتەوە کە مرۆڤ چۆن دەبێتە بەو کەسەی کە خۆیەتی. فەلسەفەیەکی تریش بۆ ناسینەوەی خود " خۆت بناسەرەوە" وتە سەرسورهێنەرەکانی " بۆچی من باشتریین پەرتووک دەنووسم؟" " بۆچی من چارەنووسم" ؟ بۆچیی من زانام؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەی نیچە لە خودی خۆی، دەڵێ: چونکە من کەسێکی دێکادێنتم واتە مرۆڤێکی کولتووریل وەیاخوود ئەدەبیی یان هونەرمەند. " ئێچە هۆمۆ" ئەمانە هەموو لەو پاییزەدا لەدایکبوون پانزەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1888. خوشکەکەی نیچە کە ناوی "ئێلێزابێت"ە لە سەرەتای مانگی " فێبروار" ی ساڵی 1892 دا پیاوێک بە ناوی " پیتەر گاست" دەنێرێت بۆ سەردانی چاپخانەی "ناومان" لە شاری لایپتسیگ و تێکڕای نامەکانی نیچە و نووسینەکانی وەردەگرێتەوە. مەبەستی "ئێلێزابێت"ی خوشکی نیچە لێرەدا ئەوەبوو، کە دەیوویست ئەرشیفێکی تایبەت بە نووسینەکانی نیچە لەلای خۆی دروستبکات. بۆ ئەم مەبەستەش پەیووەندیی بە هەموو هاوڕێکانی نیچەوە کرد چ لە ئەڵمانیادا و چ لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپادا نووسراوەکانی نیچەی لەلای خۆی کۆکردەوە. بەڵام چاپخانەی " ناومان" چەندینەیان لە نامەکانی نیچە لای خۆیان دووبارە نووسیبووەوە هەربۆیە ئیمرۆش لە پەرتووکی "ئێچچە هۆمۆ" دا کە " ڕوودیگەر شمیدت" و " کۆرد شپریکلزن" ئامادەیانکردووە دەست خوێنەر دەکەون. لە ناوکۆمەڵگای کوردیی دا ڕۆژانە ئەم هێرشە دەروونیییانە بۆسەر مرۆڤی کورد بۆسەر ڕاسەی ژن و پیاو و کوڕ و کچی کورد دووبارە دەبنەوە، بەڵام ئێمەی کورد هەتا ئێستا دەرگاکانی بیرکردنەوەمان قفڵداوە، نامانەوێت بە ئازادیی ڕاستییەکان بدرکێنین. شەرم مۆنستەرێکی "دێو" دزێوە دەستی ناوەتە بینەقاقای ئازادیی دەربڕیینی هەستەکانمان. هێشتا ئێمەی کورد لەژێر کاریگەرێتییەکانی شەرمداین. هێشتا دیلی "نابێت، شوورەییە، ئابڕووماندەچێت"ین. مرۆڤی ئازادی کورد دەبێت نیچە ئاسا بۆ هەستەکانی بڕوانێت بەرەوڕووی دایک و خوشک و کۆمەڵیش بێتەوە ئەگەر پێویستیکرد.

**ئایین** یەکێکە لە کاریگەرتریین ئۆبجێکتیفە زیندووەکانی ناوژییانی کۆمەڵ، کە شوێنێکی زۆر لەسەر کۆمەڵ دادەنێت. کارایەکە کە دەتوانێت ئیمپراتۆریەتێک لە دەروونی مرۆڤدا دروستبکات. ئایین بە یەکێک لە گرنگتریین ڕێکخستنەکانی پلە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێرت. هیچ سۆزێک هەتا ئێستا بە ئەندازەی سۆزی ئایین لە شوێن دانان لەسەر بیر و هۆشی تاکە کەس و کۆمەڵ کاریگەر نییە. مرۆڤ بە درێژاییی تەمەنی لە شەڕێکی هزرییدایە بەرانبەر بە ئایین، بۆیە مرۆڤ دەبێت سەرەتا ئەو شەڕە لەناخی خۆیدا بباتەوە ئەوسا بەرەنگاری کۆمەڵ ببێتەوە. بەرلەچوونە نێو مەیدانی شەڕی هزریی کۆمەڵگاوە مرۆڤ پێویستە پیشانی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بدات کە ئەو جۆرێکی دی بیردەکاتەوە. دەبێت هەوڵبدات نەچێتە ژێر کاریگەرێتییە بنەماڵەییی و خێزانییەکانەوە. لەپێناوی بەردەوامییدان بەو باوەڕەی کە هەیەتی بەرانبەر بە ئایین پشت بکاتە سۆز و لەسەر کورسی لۆگیک دابنیشێت. لەنێو تاریکستانی ململانێ کۆمەڵایەتیی و

ئایینییەکاندا چرایەک بۆ "**ڕاستیی**" هەڵبکات. دەبێت لە ناخی خۆشیدا ئەو پرسیارە قووتبکاتەوە "**ڕاستیی چییە؟**". ڕاستیی چییە بێجگە لەوەی کە تۆ وەڵامێکی لۆگیکانەت بۆ کۆت و زنجیری دەست و قاچی هزر پێ بێت. تۆ دەبێت لە خودی خۆتدا جارێک ڕۆڵی کۆمەڵ و ڕۆڵی پیاوە ئایینییەکان ببینیت و جارێکیش ڕۆڵی ڕۆشنگەرێک هەتا لە یەککاتدا لە خودی خۆتدا ئازارەکانی بەرەنگاربوونەوەی خۆت بەرانبەر بە پیاوانی ئایینیی و بەرانبەر بە تارییکستانی دواکەوتوویی بچێژیت بەرلەوەی بچیتە نێو ڕیاڵیستی ئەو ڕووداوەوە. هەرکات بەرگەی ئازارەکانی دەروونی خۆتت گرت و سەرکەوتیت بەسەر هێرشە دەروونییەکانی ناخی خۆتدا، ئەوا لە ژییانی ڕیاڵیشدا سەردەکەویت. ئەوا لە ناوکۆمەڵگاشدا بە ئازایەتییەوە بەگژ خێوی دواکەوتووییدا دەچیت و ئامادەشیت خۆت لەو پێناوەدا بەخت بکەیت.

Juni.o4

سەرچاوەکان:

1_ Bei Sokrates auf der couch (( Axel Monte und Hubert pfau )) ئەڵمانیی

2_ Friedrich Nietzsche (( Jenseits von Gut und Böse)) ئەڵمانیی

3_ Schnellkurs Philosophie (( Günter Schulte)) ئەڵمانیی

4_ Fridrich Nietsche (( Ecce homo)) ئەڵمانیی

5_ Reinhard Müller (( Biographische Daten von Michel Foucault)) ئەڵمانیی

6_Jerry Bauer (( Biographische Daten von Michel Foucault)) ئەڵمانیی

7_ Michel Foucault (( Wahnsinn und Gesellschaft)) Eine Geschichte des Wahns im zeitalter der Vernuft. ئەڵمانیی

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET